## بەش باخچەی منداڵان

## کۆلێژ پەروەردەی بنەڕەتی

## زانکۆ: سەلاحەددین-هەولێر

## بابەت: ئەدەبی منداڵان

## پەرتووکی کۆرس: قۆناغی دووەم – کۆرسی دووەم

## ناوی مامۆستا: چیمەن همزە درویش - مامۆستای یاریدەدەر

## ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢-٢٠٢٣

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | ئەدەبی منداڵان |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | م. ی چیمەن همزە درویش |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | باخچەی منداڵان / پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: chiman.drwish@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفون: ٠٧٥٠٤٣٠٤٧٠٤ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: ٣<br>پراکتیك: نیە |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ( ٣ ) سێ سەعات لەهەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٨ - ٢٠٠٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لەبەشی زمانی کوردی/کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەددین بەدەستهێناوە. لەساڵی ( ٢٠٠٩ ) وەك یاریدەدەری توێژەر لەبەشی زمانی کوردی هەمان کۆلێژ دەست بەکاربووم بۆ ماوەی ( ٣ ) ساڵ. خولی توانستی کۆمپیوتەر و خولی زمانی ئینگلیزی وەك پێداویستیەك بۆ وەرگیران لەخوێندنی باڵام بینی ، لەساڵانی ٢٠١٣/٢٠١٢ لەخوێندنی ماستەر وەرگیرام لەهەمان کۆلێژ و زانکۆ. بڕوانامەی ماستەرم لەبواری ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی ) لەبەرواری ( ٢٠١٥/٢/٤ ) بەدەستهێنا ، لەبەرواری ( ٢٠١٥/٣/٣١ ) نازناوی زانستیم وەرگرت بەناونیشانی ( مامۆستای یاریدەدەر ) ، ئێستاش وەك مامۆستایەك لەبەشی باخچەی منداڵانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین کاردەکەم. |

| ٩. وشە سەرەکیەکان | ئەدەب ، منداڵ ، شیعر ، چیرۆك ، قۆناغ ، بوار ، شیعر لەمندالانەوە ، ... |
|---|---|

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**هۆکاری خوێندنی ئەم بابەتە گرنگیپێدانە بەقۆناغێکی دیاریکراوی تەمەن ئەویش منداڵە لەرێگەی ئەدەبەوە بەو پێیەی ئەمانە چینێکن جێی شانازی هەموو کۆمەڵگایەکن، بۆیە دەبێ چی بکەین بۆ ئەم چینە؟ لێرەدا ناساندنێك بۆ ئەدەب و ئەدەبی مندالان دەکەین پاشان ئاماژە بەبوارەکانی ئەدەبی مندالان دەکەین ئایا چەند بوار لەخۆ دەگرێت لەگەڵ خستنەڕووی نموونە بۆی.**

**لەلایەکیتر ئاشناکردنیانە بەجیاوازی نێوان ئەدەبی مندالان و ئەدەبی گەوران و ئاماژەکردن بەسوود و ئامانجی ئەدەبی مندالان ، هەروەها خستنەڕووی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی مندالان و ئاماژەکردن بەمێژووی سەرهەڵدانی لەولاتانی ئەوروپا بەتایبەت لەولاتی فەڕەنسا. ئەمە جگە لەتیشك خستنەسەر رۆڵی گۆڤار و رۆژنامەکان لەگەشەپێدان و پەرەسەندنی ئەدەبی مندالان و خستنەڕووی بنەما سایکۆلۆژیەکانی ئەدەبی مندالان کە لەچەند قۆناغێك کۆدەبێتەوە.**

**ئاماژەکردن بەجۆرەکانی ئەدەبی مندالان وەك شیعر و پەخشان ، لەهەمانکاتدا باسکردنی هەریەکەیان بەدرێژی وەك خستنەڕووی جۆرەکانی چیرۆك و هێنانەوەی نموونە بۆیان و قۆناغەکانی پەیدابوونی و ئاماژەکردن بەپایە سەرەکیەکانی چیرۆکی مندالان ، هەروەها خستنەڕووی شیعری مندالان و قۆناغەکانی شیعری مندالان بەدرێژی لەگەڵ نموونە هێنانەوە بۆ هەر یەکەیان ، لەکۆتاییدا خستنەڕووی جۆرەکانی شیعری مندالان لەگەڵ ئاماژەکردن بەنموونەی شیعری.**

**ئەمانە و چەندین بابەتی تر لەناوەرۆکی بابەتی ئەدەبی مندالان دەخوێندرێن تاوەکو قوتابی بتوانێت دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆیی و بەکەڵك وەرگرتن لەم بابەتە و ئەم ساڵی خوێندنەدا کەسێکی کارای نێو کۆمەڵگا بێت و لەهەر شوێنێکی پەیوەندیدار بەپیشە و پسپۆریەکەی هەلی کاری بۆ رەخسا ئامادەیی تیادا هەبێت بۆ خزمەتکردن ، بەتایبەت لەباخچەی مندالاندا.**

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

**بەو پێیەی کەپاشەرۆژی قوتابیانی بەشی باخچەی مندالانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی پیشەیان مامۆستایەتیە لەباخچەکانی مندالان ، بۆیە ئەم کۆرسبوکە یاخود ئەو بابەتە چەند ئامانجێك لەخۆدەگرێت تاوەکو قوتابیان بتوانن سوودی لێ وەربگرن بەشێوەیەکی پراکتیکی لەداهاتووی خۆیاندا.**

**یەکێك لەمانە ئاشناکردنی قوتابیانە بەباسکردن و خستنەڕووی ئەدەبی مندالان و سوود و ئامانجی ئەدەبی مندالان لەگەڵ ئاماژەکردن بەجیاوازی نێوان ئەدەبی گەورە و منداڵان. هەروەها شارەزابوونی قوتابیانە بەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی مندالان، دواتر خستنەڕووی مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی**

**منداڵان لەکوردستان.**

**هەروەها ئاماژەکردن بەبوارەکانی ئەدەبی منداڵان و خستنەڕووی یەکەیەکەیان و نموونە هێنانەوە بۆ هەریەکێکیان، لەلایەکیتر ئاشناکردنیانە بەقۆناغەکانی ئەدەبی منداڵان و جۆرەکانی ئەدەبی منداڵان وەك چیرۆك بۆ نموونە ، شارەزاکردنیانە بەجۆرەکانی چیرۆکی منداڵان و قۆناغەکانی پەیدابوونی پایە سەرەکیەکانی چیرۆکی منداڵان.**

**لەکۆتاییدا خستنەڕووی قۆناغەکانی شیعری منداڵان، و ئاماژەکردن بەجۆرەکانی ئەدەبی منداڵان بەشێوەیەکی گشتی.**

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

**١. ئامادەبوونی قوتابیان لەنێو پۆل.**
**٢. سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەهەندێ لەبابەتەکانی نێو بەرنامە و پرۆگرامی بڕیاردراو.**
**٣. تاقیکردنەوەی لەناکاوی رۆژانە.**
**٤. بەشداریکردن و دەربڕینی بۆچوونی سەبارەت بەو بابەتانەی کە لەنێو پۆل تاوتوێ دەکرێن و دەخوێندرێت.**

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

**١. ڕێگای وانەبێژی (طريقة الإلقاء أو المحاضرة)**
**٢. ڕێگای گفتوگۆ (طريقة المناقشة)**
**٣. ڕێگای هەژاندنی مێشك ( طريقة العصف الذهني )**

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

**١. لە (٪٤٠)ی نمرەکان تایبەتە بە:**
**- لە ( ٪٣٠ )ی تایبەتە بەتاقیکردنەوەی قوتابیان.**
**- لە ( ٪١٠ )ی تایبەتە بەپێشکەشکردنی سمینار.**
**٢. لە (٪٦٠)ی نمرەکان، تایبەتە بە تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس، کە کاتی دیاریکردن و دەستپێکردنی لەکاتی خۆی دیاری دەکرێت.**

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

**قوتابی ئازیز..**

بەو مەرجەی کەتۆی قوتابی ئامادەییت هەبێت لەوانەکان ، چالاکیت ئەنجام دابێت و بەشداریت لەگفتوگۆکانی نێو پۆل کردبێت ، بەدواداچوونت کردبێت بەدوای زانیاریەکان، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەچەند لایەنێکەوە دەبیت بەکەسێکی پێگەییشتوو ، چونکە تۆ لەرێگەی بابەتەکانەوە ئاشنایەتیت لەگەڵ کۆمەڵێ چەمك و وشە لا دروست دەبێت سەبارەت بەئەدەب و ئەدەبی منداڵان و شیعر و چیرۆك و فێرکاری و ... هتد, بەمەش ئاستی زانیاری و مەعریفیت گەشەی بەخۆوە دەبینێت. بەمەرجێك خوێندنەوەت بۆ بابەتەکان هەبێت. لەلایەکی تر تۆ کاتێ لەدواروۆژ کۆلێژ تەواو دەکەیت لەرێگەی ئەو زانیاریانەی کەوەرت گرتوون ، دەتوانیت کەسایەتیەکی باش بۆ خۆت بنیات بنێیت و هەستی باوەڕ بەخۆبوون لات دروست بێت ، هەروەها بتوانیت لەرێگەی ئەو زانستەی کەلات هەیە بەبێ ترس و شەرم و دڵەراوکێ پراکتیزەی پیشەی خۆت بکەیت لەداهاتوودا. لەهەمانکاتدا ئەم بابەتە فێری چۆنیەتی یارمەتیدانی تاکەکانی دوارۆژی نێو کۆمەڵگات دەکات بۆ ئەوەی لەقۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیان بتوانن ئەو بابەت و وانەیەی هەیانە لەرێگەی شیعر و چیرۆکەوە وەریبگرن و لێی تێبگەن بەوپەڕی دڵخۆشیەوە ، بەمەش بەرچاو رۆشنیەك دەبێت لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی باخچە. لەکۆتاییشدا دوای تەواوکردنی ئەو بابەتە تۆی قوتابی هەگبە و نازناوی پیشەکەت زانیاریەکی نوێ یاخود بڵێین کۆمەڵێ زانیاری دەخرێتە سەر ، بەمەش دەرفەتێکت بۆ زیاتر دەرەخسێنێت ، بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار لەپسپۆریەکەی خۆت لەداهاتوو کە باخچەکانی منداڵانە و سەرکەوتووش بیت تیایدا.

١٦. لیستی سەرچاوە

- **سەرچاوە بەزمانی کوردی:**


١. صبری، رازاو رەشید، ( ٢٠١٠ )، **چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا ١٩٩١ - ٢٠٠٥**، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر - هەرێمی کوردستان/ عیراق.

٢. هەورامی، حەمەکەریم، ( ٢٠٠٥ )، **ئەدەبی منداڵانی کورد لیکۆڵینەوە .. مێژووی سەرهەڵدان**، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، هەولێر- هەرێمی کوردستان / عیراق.

٣. شوان، د. ئیبراهیم ئەحەد، ( ٢٠١٨ )، **مەلۆیێ لەئەدەبی منداڵانی کورد**، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر- هەرێمی کوردستان / عیراق.

٤. مەحمود، د. فازڵ مەجید، ( ٢٠٠٤ )، **شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا**، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی- هەرێمی کوردستان/ عیراق.

٥. هەورامی، حەمەکەریم، ( ٢٠٠٧ )، **ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەڕین لیکۆڵینەوە ، نرخاندن ، میکانیزمەکان** ، بەرگی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر- هەرێمی کوردستان / عیراق.

٦. ئەحمەد، نەوزاد عەلی، ( ٢٠٠٦ )، **منداڵ و ئەدەب لێکۆڵینەوە**، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی / هەرێمی کوردستان / عیراق.

٧. علی بەرزنجی، ئەحمەد سەیید، ( ٢٠١٠ )، **ئەدەبی منداڵان لەگۆڤاری گەلاوێژدا**، چاپی یەکەم، دەزگای

| | |
|---|---|
| سەردەم، سلێمانی - هەرێمی کوردستان / عیراق. | |
| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
| - بەرچاوخستنێکی گشتی بڕگە و بابەتەکانی ئەم وانەیە.<br>- تیشك خستنەسەر هۆکار و گرنگی خوێندنی ئەم بابەتە.<br>- ئاماژەکردن بەچۆنیەتی خوێندنی بابەتەکە.<br>- نمایشکردنی سەرچاوە پشت پێ بەستراوەکان لەخوێندنی بڕگەکانی ئەم بابەتە. ( هەفتەی یەکەم )<br>---<br>- دەروازەیەك بۆ ئەدەبی منداڵان<br>- ناساندنی ئەدەب<br>- پێناسەی ئەدەبی منداڵان<br>- جیاوازی نێوان ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەوران ( هەفتەی دووەم )<br>---<br>- سوودی ئەدەبی منداڵان<br>- بوارەکانی ئەدەبی منداڵان:<br>- ١. رۆشنبیری<br>- ٢. رەوشتی ( ئادگار )<br>( هەفتەی سێیەم )<br>---<br>- ٣. بواری کۆمەڵایەتی<br>- ٤. بواری نەتەوایەتی<br>- بواری خەنین و گەنجەفە ( هەفتەی چوارەم )<br>---<br>- ٥. بواری جوانکاری/ئیستاتیکا<br>- چۆن ئەدەبی منداڵان سەریهەڵداوە؟<br>- ١. فەرەنسا<br>- ٢. ئینگلتەرا ( هەفتەی پێنجەم )<br>---<br>- ٣. ئەدەبی منداڵان لەوڵاتە عەرەبیەکان<br>- ٤. ئەدەبی منداڵان لای کورد | |

| | |
|---|---|
| | - ڕۆڵی گۆڤار و ڕۆژنامە لەگەشەکردن و پەرەسەندنی ئەدەبی منداڵان<br>( هەفتەی شەشەم )<br>- بنەما سایکۆلۆژیەکانی ئەدەبی منداڵان<br>- قۆناغەکانی ئەدەبی منداڵ<br>- ١. قۆناغی ریالیستی و ئەندێشەی سنووردار ( ٣ - ٥ ) ساڵی<br>- ٢. قۆناغی ئەندێشەی ئازاد ( ٦ - ٨ ) ساڵی (هەفتەی حەوتەم )<br>- ٣. قۆناغی پاڵەوانێتی ( ٨ - ١٢ ) ساڵی<br>- ٤. قۆناغی هەرزەیی یان نموونەیی ( ١٢ - ١٥ ) ساڵی<br>( هەفتەی هەشتەم )<br>- جۆرەکانی ئەدەبی منداڵان:<br>- ١. چیرۆکی منداڵان<br>- جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان:<br>( هەفتەی نۆیەم )<br>- قۆناغەکانی پەیدابوونی چیرۆك:<br>- ١. پەیدابوونی هەندێ بەزم و وێردی سەرزارەکی<br>( هەفتەی دەیەم )<br>- ٢. سەرگوزشتە و داستان<br>- ٣. ئەفسانە<br>- ٤. چیرۆکی فۆلکلۆری ( هەفتەی یازدەیەم )<br>- پایە سەرەکیەکانی چیرۆکی منداڵان:<br>- ١. بابەت<br>- ٢. ڕووداوەکان ( هەفتەی دوازدەیەم )<br>- ٣. گرێچن<br>- ٣. کەسانی نێو چیرۆك<br>- ٤. کات و شوێن ( هەفتەی سێزدەیەم ) |

- ٦. شێواز
- دووەم: شیعری منداڵان
- **قۆناغەکانی شیعری منداڵان:**
- ١. شیعری فێرکاری ( هەفتەی چواردەیەم )

---

- ٢. شیعر لەمنداڵانەوە
- ٣. شیعری تایبەت بەمنداڵان
- جۆرەکانی شیعری منداڵان ( هەفتەی پازدەیەم )

---

**تێبینی: ئەگەری بوونی هەر گۆڕانکاریەك لەپلانی ئەم کۆرس بووکەدا دەکرێت ، وەك زیادکردنی بابەتێك یان لابردنی ، یاخود جێگۆڕکێکردنی بابەتەکان ، لەم گۆڕانکاریانەش قوتابیان ئاگادار دەکرێنەوە.**

| | |
|---|---|
| ١٨. بابەتی پراکتیک | |
| **نییە** | |

١٩. تاقیکردنەوەکان

١. دارشتن: **پ: ئەدەبی گەورە و منداڵ لەچەند ڕوویەکەوە لەیەکتری جیاوازن، ئەو ڕووانە چین روونیبکەرەوە؟**

٢. راست وچەوت: **پ: زۆرجار دەڵێن ئەدەبی منداڵانی کورد لەئەنجامی دڵڕەقی داگیرکەران دروستبووە. ( )**

٣. بژاردەی زۆر: **پ: یەکێك لەجۆرەکانی ئەدەبی منداڵان بریتیە لە:**

**- کۆڕ و سمینار - دراما - وێنە - چیرۆك**

٢٠. تێبینی تر

**قوتابیان دەتوانن لەچوارچێوەی ئەم سەرچاوانەی کەئاماژەم پێکردووە دەربچن و ئەوانیش زانیاری بەدەست بهێنن لەڕێگەی سەرچاوەی تری جیا لەم سەرچاوە.**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

**پ. ی. د. سلوی احمد أمین**